National Endowment for Democracy
Supporting freedom around the world

RADIO DENG

# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی پەروەردە

## راپۆرتی بیستەم: توندوتیژی بەرامبەر فێرخواز

**ئایاری ٢٠١٩**

١/٦/٢٠١٩

| ناونیشان | ژمارەی پەڕە |
|---|---|
| بەشی یەکەم: ناساندن | |
| پێشەکی | ٣ |
| کارنامەی یەکە | ٤ |
| ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە | ٥ |
| بەشی دوەم: ڕاپۆرت | |
| دەستپێک | ٧ |
| ڕاپرسی | ٧ |
| ڕای فێرخوازان لەبارەی ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت | ١١ |
| هۆکاری توندوتیژییەکان بەرامبەر بە فێرخواز | ١٢ |
| وەڵامی سکاڵای فێرخوازان نادرێتەوە | ١٢ |
| خێزانەکان لە بارەی  ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر منداڵەکانیان ئەنجام دراوە چی دەڵێن | ١٣ |
| مامۆستایان: توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز هەیە | ١٤ |
| توندوتیژییەکان کاریگەری لەسەر فێرخواز بەجێدەهێڵێت | ١٥ |
| مامۆستایان و بەڕێوبەران چی دەڵێن لە بارەی سکاڵای فێرخوازانەوە | ١٦ |
| توێژەران: توندوتیژی لە ناوەندەکان بونی هەیە | ١٧ |
| بۆچونی نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان لە بارەی توندوتیژییەوە | ١٨ |
| فێرخوازان بەهۆی توندوتیژییەوە لە ناوەندەکان توشی حاڵەتی دەرونی بون | ١٨ |
| بەرپرسانی پەروەردە: مامۆستا سزا دراوە لەسەر توندو تیژی دژ بە فێرخواز لە ناوەندەکان | ١٩ |
| بەشی سێیەم: ڕاسپاردەکان | ٢١ |

# بەشی یەکەم: ناساندن

## ١. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی)یە لەگەرمیان، تائێستا یەکەکە (٤٠) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشەو ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتەو مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

هیوادارین لەم هەنگاوەی دەستمان پێکردوە، سەرکەوتو بین و کارەکەمان بتوانێت رۆڵێکی هەبێت لە کەمکردنەوەی قەبارەی کێشەکانی ئەو دو کەرتەو هەروەها دەرفەتێکیش بێت بۆ دەستنیشانکردنی هەڵەو کەموکورتییەکان و چاککردنەوەیان، لەپێناو سودی گشتی.

هەروەک بەتێبینی و سەرنجی هەمو لایەکیش خۆشحاڵ و گەورە دەبین، بەوپێیەی تاک و کۆتا ئامانجمان لەم پرۆژەیەی دەستمان داوەتێ، دروستکردنی گۆڕانکارییە بەئاراستەیەکی ئیجابی لەدەڤەری گەرمیان.

## ٢. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

١. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

٢. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

٣. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

٤. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

١. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

٢. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

٣. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

٤. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

٥. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

١.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

٢.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتیانەی کێشەکان.

٣.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

## ٠٣ ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

### ٠١ رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.
لە ساڵی ٢٠١٠ەوە دامەزراوەو لە بەرواری ٦ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.
ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.
رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (٢٦٥) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (٣٦٨) لە بەرواری (٢٠١٠/٢/٢) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.
لەئێستادا رۆژانە ٢٤ کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).
رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەریەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.
جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

### ٠٢ سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (١٢٠٠) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (٩٠) نەوەد وڵاتدا دەکات.
(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (١٩٨٣) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

**٤. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:**

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی ٢٠٠٣دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بریارێک لە رۆژی ٢٠٠٦/٨/٦ "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی ٢٠٠٨ بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

## بەشی دووەم: راپۆرت

### * دەستپێک

توندوتیژی گرفتێکی لە مێژینەی کەرتی پەروەردەیە لە هەرێم بە گشتی، تەنانەت لەگەڵ ناوی (پەروەردە)دا نایەتەوە، ئەو توندوتیژیانەش جەستەی و دەرونین کە فێرخوازان روبەڕوی دەبنەوە لەلایەن مامۆستایانەوە.

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان، ئەگەر چی ئەنجامدانی توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز لە ناوەندەکان قەدەغەیە، بەڵام ئەنجام دەدرێت و تەنانەت ئامارەکان بۆ زیادبونی توندوتیژییە دەرونیەکان دەچن لە چاو توندوتیژییە جەستەییەکان.

لەم راپۆرتە بە وردی و بە داتا توندوتیژییە جەستەیی و دەرونیەکان لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری گەرمیان دەخەینە رو.

### ١. راپرسی

بەپێی راپرسیەکی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان بۆ ساڵی ٢٠١٨_٢٠١٩ کە لە بەشێک لە ناوەندەکانی سنوری پەروەردەی گەرمیان ئەنجامی داوە لە نێوان فێرخوازان لە قۆناغەکانی بنەڕەتی و ئامادەیی لە بارەی ئەنجامدانی توندوتیژی لە ناوەندەکان دژ بە فێرخواز، دەرئەنجامەکانی بەمشێوەیە:

**ا. قۆناغی بنەڕەتی: پرسیارەکان**

١. لە ناوەندەکانی خوێندن توندوتیژی بەرامبەرت کراوە؟



| | |
|---|---|
| بەڵێ | %6.8 |
| نەخێر | 61% |
| هەندێکجار | %٣٢.٢ |

٢. چ جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەرت کراوە؟



| | |
|---|---|
| توندوتیژی جەستەیی | %1.8 |
| توندوتیژی دەرونی | %٣٥.٥ |
| توندوتیژی نەکراوە | %٦٢.٧ |

٣. تا ئێستا سکاڵات کردوە لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیەی بەرامبەرت کراوە؟



| | |
|---|---|
| بەڵێ | %10.3 |
| نەخێر | %٨٤.٧ |
| هەندێکجار | %٥ |

٤. لە سەر چ کارێک توندوتیژیت بەرامبەر کراوە؟

بەپێي وەڵامی فێرخوازان لەسەر ئەمانەی خوارەوە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە.

| ژ | جۆری توندوتیژیی |
|---|---|
| ١ | خوێندن و نەهێنانی کتێب |
| 2 | جلوبەرگ |
| 3 | داواکردنی ماف |
| 4 | جیاکاری رەگەزی |

| | | |
|---|---|---|
| 5 | نمره | |
| 6 | قسەکردن لەناو پۆل | |
| 7 | داواکردنی یارمەتی | |
| 8 | هەڵنەسان لەپێش مامۆستا | |

**ب. قۆناغی ئامادەیی: پرسیارەکان**

١. له ناوەندەکانی خوێندن توندوتیژی بەرامبەرت کراوە؟



| | |
|---|---|
| بەڵێ | ٢٨.٨% |
| نەخێر | ٣٨.٩% |
| هەندێکجار | ٣٢.٣% |

٢. چ جۆرە توندوتیژییەک بەرامبەرت کراوە؟



| | |
|---|---|
| توندوتیژی جەستەیی | ٠% |
| توندوتیژی دەرونی | ٦٤.٥% |
| توندوتیژی نەکراوە | ٣٥.٥% |

**٣. تا ئێستا سکاڵات کردوە لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیەی بەرامبەرت کراوە؟**

| | |
|---|---|
| بەڵێ | %٢٠.٣ |
| نەخێر | %٦١ |
| هەندێکجار | %١٨.٧ |



**٤. لە سەر چ کارێک توندوتیژیت بەرامبەر کراوە؟**

**بەپێی وەڵامی فێرخوازان لەسەر ئەمانەی خوارەوە توندوتیژییان بەرامبەر کراوە.**

| ژ | جۆری توندوتیژی |
|---|---|
| ١ | ئارایشت (مکیاج) |
| 2 | قسەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر |
| 3 | جلوبەرگ |
| 4 | داواکردنی ماف |
| 5 | خوێندن |
| 6 | جیاکاری رەگەزی |
| 7 | نمرە |
| 8 | مۆبایل |
| 9 | قسەکردن لەناو پۆل |
| 10 | پەیوەندی سۆزداری |
| 11 | دواکەوتن لە هاتنە پۆل |

### ٢. رای فێرخوازان لەبارەی ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەریان دەکرێت

فێرخوازان هاوڕان و دەڵێن ئەو توندوتیژیانەی بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت دەرونین و جەستەی نین، کە ئەمەش وایکردوە لە پرۆسەی خوێندن بێزاربن و ناوەندەکان وەک مۆتەکەیەک بێتە پێش چاویان.

زارا سەباح عەلی، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی زانستی لە (مستەفا رەشید) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "توندوتیژییەکان دەرونیە و جەستەیی نیە، نەشم بینیوە بکرێت".

لە هەمان کاتدا، ئاڤێستا حەیدەر باوەخان، قوتابی قۆناغی هەشتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (مەتین)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار دەڵێت: "هەندێکجار توندوتیژیمان بەرامبەر کراوە بە قسەی نەشیاو و پێمان ئەڵێن "بێخاوەن" یان پەروەردەتان نیە یان لە "کەرکەوتو" یان دایک و باوکتان نیە تەربێتان بدەن، هەردو رەگەزی مامۆستایان ئەم وشانە بەکارئەهێنن".

هەندێک لە فێرخواز ئەگەرچی تەمەنێکی کەمیان هەیە، بەڵام هەست بەوە دەکەن کە چیان بەرامبەر دەکرێت ئەمەش وایکردوە کە کاریگەری دەرونی بەسەریانەوە جێبهێڵدرێت.

محەمەد لوقمان محەمەد، قوتابی قۆناغی شەشەمی لە قوتابخانەی (ژین) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "هەندێکجار توندوتیژیمان بەرامبەر دەکرێت، ئەوەشی هەیە قسەی نەشیاوە، وەک وشەی "کەر" یان "حەیوان".

هاوشێوەی هاوتاکەی، ئەوین سەردار حەسەن، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (مەتین) لە قەزای کەلار، بە تورەییەکەوە وتی: "زۆر جار توندوتیژیمان بەرامبەر کراوە، بە قسەی نەشیا و شکاندنەوەمان لە ناو تەلەبەکانی تر، تەنانەت هەندێک شت کراوە لە ناو پۆل پێیان وتوین حەتمەن دایک و باوکیشتان وایە و وەک خۆتان بێتەربێتن".

"توندوتیژیەکان لە ئێستادا قسەی نەشیاوە کە دەکرێت بەرامبەر بە فێرخواز زیاد لە پێویستە و پێمان دەڵێن لە خێزانێکی پەروەردە خراپەوە هاتوی یان ئەخلاقتان تەواو نیە یان کەسایەتیتان تەواو نیە، چەندین قسەی نەشیاوی تر کە ئەمەش کاریگەری دەرونی جێدەهێڵێت". دیلان عەلی حسن، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار، بە روخسارێکی خەماوییەوە وای وت.

دیاری محەمەد، خوێندکاری دیکەی قۆناغی ئامادەییە لە ئامادەیی (رێبەری ئێواران) لە ناحیەی پێباز، دەڵێت: "وشەی نەشیاو وتراوە، بەڵام بەو رادەیەش نەبوە کە ببێت بە دیاردە و ناخۆشی لێبکەوێتەوە".

### ٣. هۆکاری توندوتیژییەکان بەرامبەر بە فێرخواز

ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە فێرخواز ئەنجام دەدرێت زیاتر دەرونیە وەک لە جەستەیی ئەوان دەڵێن لەسەر شتی سادە روبەڕوی قسە و توانج دەبنەوە، کە سادەترینیان داواکردنی مافی خۆیانە.

دیلان عەلی حەسەن، خوێندکاری قۆناغی دەیەمی زانستی لە ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار، بە خەمبارییەوە ئەوەی بۆگێراینەوە مامۆستایەکیان باسی پەروەردەی خێزانی بۆ کردون کە هەندێکجار خراپە، منیش وتم مامۆستا هەندێک کەس هەیە ئەو خێزانەی هەڵیبژرادوە بە ویستی خۆی نەبوە، لە وەڵامدا پێی وتم تۆ لە پەروەردەیەکی خراپەوە هاتوی و قسەی تریشی کرد کە نەشیاوبون، زۆر کاری تێکردم لە نێو هاوڕێکانمدا بەتایبەت.

هەندێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن کاتێک داوای مافێکی خۆیان دەکەن روبەروی توندوتیژی دەبنەوە لەلایەن ئیدارەی ناوەندەکانەوە و دەترسێنرێن.

ئەوین سەردار حەسەن، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (مەتین) لە قەزای کەلار، باسی لەوەکرد: "مامۆستایەکمان باش نەبو ئیمزامان لەسەر کۆ کردەوە کە بۆمان بگۆڕن، دواتر لایەنی ئیداری کە زانیان وتیان ئەوەی ئەو ئیمزایەی کۆ کردوەتەوە فەسڵ ئەکرێت و چەندان قسەی نەشیاویان پێکردین لە کاتێکدا داوای مافی خۆمانمان کردوە".

بەشێکیان لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی دەکرێت بێدەنگ نابن، وەک خۆیان دەڵێن شتێک لە سنور دەربچێت قبوڵی ناکەین.

زارا سەباح عەلی، خوێندکاری قۆناغی دەیەم لە ئامادەیی (مستەفا ڕەشید) لە قەزای کەلار، وتی: "زیاتر لەسەر جل و بەرگ و قسەکردن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر بانگکراوین، توێژەر و مودیر بانگی کردوین، بەڵام شتێکیان نەکردوە لە سنور دەربچێت ئەگەر نا قەبوڵم نەدەکرد".

### ٤. وەڵامی سکاڵای فێرخوازان نادرێتەوە

وەڵامنەدانەوەی سکاڵاکانیان و بەدوادانەچون بۆ گرفتەکانیان وایکردوە فێرخوازان لە سکاڵاکردن ساردبکرێنەوە و بەشێک لە فێرخوازان باس لەوە دەکەن هەرچەن سکاڵابکەن لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەریان ئەنجام دەدرێت وەڵام نادرێنەوە، وەک خۆیان دەڵێن تاوانباریش دەکرێن.

ئەوین سەردار حەسەن، قوتابی قۆناغی نۆیەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی (مەتین) لە قەزای کەلار، جەختی کردەوە: سکاڵاش بکرێت کەس گوێت بۆ ناگرێت، بگرە تاوانباریش دەکرێت و ئەڵێن دەرت ئەکەین لەم ناوەندە و فەسڵت ئەکەین.

"ئێمە سکاڵا دەکەین، بەڵام کەس گوێمان لێناگرێت، تەنانەت بۆ مافی خۆمان سکاڵامان کردوە کە نمرەمان لێبراوە و بەڕێوبەر خۆی بانگی کردوم و مامۆستایەکم رقی خستوەتە سەرم، چ جا لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە ئەنجامی دەدەن". ئستەبرەق فەلاح حەسەن، خوێندکاری قۆناغی دەیەکی زانستی لە ئامادەیی (گۆران) لە قەزای کەلار وادەڵێت.

وتیشی: ئێمەیان جیا کردوەتەوە لە پۆلەکانی تر بەوەی کە زیرەکین، بە نمرە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن، پۆلەکانی تر بە قسەی نەشیاو.

## ٥. خێزانەکان لە بارەی ئەو توندوتیژییانەی بەرامبەر مناڵەکانیان ئەنجام دراوە چی دەڵێن؟

بەشێک لە خێزانەکان پێیان وایە کە دەبێت وانەی پەروەردەیی بە مامۆستایان بوترێتەوە بۆ ئەوەی منالْ بە جوانی پەروەردە بکرێت نەک توندوتیژییان بەرامبەر ئەنجام بدەن.

ئاکۆ عومەر، باوکی فێرخوازێکە باس لەو توندوتیژییە دەکات بەرامبەر بە منالەکەی کراوە و دەڵێت: "لەسەر ئەوەی نەچوەتە ناو ساحە لە کچەکەمیان دابو، بە لێدان دابویان بە پشتیا تا دو رۆژ ناوسکی ئازاری هەبو، پێشیان وتبو قسە مەکە لە ماڵەوە و قەڵەم و دەفتەری وێنەیان بۆ کڕی بو کە قسە نەکات، هەتا خوشکەکەی پێی وتین کە مامۆستا لێی داوە".

ئاماژە بەوەشدەکات: رۆشتمە لای مامۆستاکە داوای لێبوردنی کرد، بەس سودی چیە منالەکەمان شتێکیشی لێبهاتایە وەک ئێستا دەبو.

هەندێک لە خێزانەکان باس لەوە دەکەن کە مامۆستایان رق دەخەنە سەر منالەکانیان ئەگەر سکاڵا بکەن لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە ئەیکەن بەرامبەریان بۆیە سکاڵا تۆمار ناکەن.

شلێر محەمەد حەسەن، خوشکی فێرخوازێکە باسلەوەدەکات: "خوشکێکم مامۆستایەکی جنێو ناشرینی پێ وتبو لە پێش چاوی تەلەبەکانی تر، هاتەوە دەگریا کە وای پێکراوە، وتمان دەچینە ناوەندەکەی وتی نابێت برۆن، ئەگریا دەیوت دواتر رق دەخاتە سەرم و نەیهێشت سکالا بکەین".

لە بەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە منداڵەکانیان ئەنجام دەدرێت لە ناوەندەکانی خوێندن هەندێک لە خێزانەکان بێدەنگ نەبون و سکاڵایان تۆمار کردوە بۆ ئەوەی سزا بدرێن.

دیمەن ئەحمەد رەحیم، دایکی فێرخوازێکە، باس لە چۆنیەتی سکاڵاکەی دەکات کە توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵەکەی کراوە لە ناوەندەکەی و دەڵێت: "لە کچەکەم درابو لە لایەن یەکێک لە مامۆستاکانیەوە کە پیاویش بو، کچەکەم بردە دکتۆر و وێنەم گرت و بەڵگەی تەواوم پێ بو، رۆشتمە لای بەرێوبەری پەروەردەی کەلار و سکاڵایەکم نوسی، دواتر مامۆستاکەیان هێنا خۆی دانی پێدا نا وتی لێم داوە و دواتر ئیجرائاتیان لەگەڵ کرد و گواستیانەوە لەو ناوەندە".

## ٦. مامۆستایان: توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز هەیە

مامۆستایان دان بەوە دەنێن کە توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز لە ناوەندەکان بونی هەیە جەستەی بێت یان دەرونی، ئەمەش سەرەڕای ئەوەی بە یاسا قەدەغە کراوە.

چنار مەجید، مامۆستا لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "توندوتیژی لە ناوەندەکان بەرامبەر بەفێرخواز هەیە زیاتریش دەرونیە وەک لە جەستەی و قسەی نەشیاوی وەک بێ ئابڕ و بێ پەروەردە و شکاندنەوە قوتابی، ئەمەش لە مامۆستایەکەوە بۆ یەکێکی دیکە دەگۆڕێت، هەیە وەک هاوڕێ وایە لەگەڵ فێرخواز هەشە کە دەچێتە پۆلەوە وەک ئەوە وایە بۆ جەنگ بڕوات".

"لە ئێستادا ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناوەندەکان هەیە لە جاران باشترە، چونکە پەروەردە قەدەغەی کردوە، ئەگەرچی ناوبەناو بونی هەر هەیە". گۆران نامیق، مامۆستا لە قوتابخانەی (شۆڕش)ی بنەڕەتی لە قەزای کفری وادەڵێت.

سالار فازڵ، مامۆستا لە قوتابخانەی (ژین)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "توندوتیژی لە ناوەندەکان بونی هەیە و هەر ماوە، بەڵام جەستەیی نیە، چونکە مامۆستا ناوێرێت خۆی لێبدات بۆ ئەوەی لێپێچینەوەی لەگەڵدا نەکرێت، بۆیە پەنا ئەباتە بەر دەرونیەکە و بەقسەی نەشیاو مامەڵە دەکات".

مامۆستایەک باس لەوەدەکات بونی توندوتیژی نەک لە ناوەندەکانی خوێندن بەڵکو لە زانکۆکانیش بونی هەیە.

ئارام رۆستەم، مامۆستا لە ئامادەیی (بەمۆ) لە ناحیەی رزگاری، رونیکردەوە: "توندو تیژی دژ بە فێرخواز نەک لە ناوەندەکان بەڵکو لە زانکۆکانیش بونی هەیە و زیاتریش دەرونیە و جەستەی نیە، فێرخواز بەشێوەیەک بێزارە لە ناوەندەکان تاقەتی خوێندنی نیە، هۆکاری ئەمەش مامۆستایانن".

### ٧. توندوتیژییەکان کاریگەری لەسەر فێرخواز بەجێدەهێڵێت

مامۆستایان و بەڕێوبەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە ئەو توندوتیژیانەی لە ناوەندەکان بەرامبەر بە فێرخواز هەیە کاریگەری دەرونی بەجێدەهێڵێت، هەندێجاریش دەبێتە هۆی پچرانی پەیوەندی نێوان مامۆستا و فێرخواز.

چنار مەجید، مامۆستا لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار، دەڵێت: "ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەر بە فێرخواز دەکرێت، زیاتر وشەی نەشیاوە و کاریگەری دەرونی خراپ بەسەر فێرخواز جێدەهێڵیت، وایکردوە فێرخواز بەشێوەیەکی تر وەڵامی مامۆستا بداتەوە و پەیوەندی نێوانیان بپچڕێنێ، وە ساردی بکاتەوە لە خوێندن".

هەندێک لە بەڕێوبەران دەڵێن ئەو توندوتیژیانەی کە لەناوەندەکان هەیە کاریگەری ئەوتۆی لەسەر فێرخواز نیە.

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری ئامادەیی (کفری) لە قەزای کفری، باس لەوەدەکات: "ئەوی هەیە لە ناوەندەکان شتێکی وانیە کاریگەری دەرونی هەبێت و ئەو خوێندکارە بشکێنێ".

بەڕێوبەرێک باس لەوە دەکات هەوڵی ئەوەیان داوە کە لە فێرخوازان نزیک بن، بۆ ئەوەی لە بونی هەر کێشەیەک بچنە لایان.

روخۆش رەئوف رەزا، بەڕێوبەری ئامادەیی (شێروانەی کچان) لە قەزای کەلار دەڵێت: "هەمو کات بە فێرخوازانم وتوە هەر کێشەیەکیان هەیە دەتوانن بێن و چارەسەری بکەین، بۆ ئەوەی نەیکات بە گرێیەکی دەرونی و کاریگەری بکاتە سەر ئاستی زانستیان، ئەمەش بۆ بونی توندوتیژیش هەر راستە".

مامۆستایەک دەڵێت توندوتیژی بونی هەیە لە ناوەندەکانی خوێندن و بەرپاسانی پەروەردەش لەوە ئاگادارن.

سەریاس سەمین، مامۆستا لە قوتابخانەی (ئاڵا)ی بنەرەتی لە قەزای کەلار، باس لە توندوتیژیەکان بەرامبەر بە فێرخوازان دەکات لە ناوەندەکان و دەڵێت: "توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن هەیەو بە ئاشکرا دەبینرێت، جەستەیی و دەرونیش بونی هەیە، لایەنە بەرپرسەکانیش ئاگادارن.

ئەو مامۆستایە دەشڵێت: لایەنی بەرپرس و ئیدارە و مامۆستاش کاتێک توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز بەکارئەهێنێت، وەک بەشێک لە چارەسەر بەکاری دەهێنیت و پێیوایە چارەسەری ئەو گرفتانەی بۆ دەکەن کە لە ناوەندەکانی خوێندن بونی هەیە.

وتیشی: ئەگەریش بپرسیت بۆچی لێدان بە جارەسەر دەزانن، ئەوا بە ڕاشکاوی دەبیت بڵێین هیچ کام لە لایەنی بەرپرس و ئیدارەو مامۆستاش ئەوانەی کە توندوتیژن ئاگاداری ڕێگەو شیوازە نوێیەکانی خوێندن نین.

**٨. مامۆستایان و بەڕێوبەران چی دەڵێن لە بارەی سکاڵای فێرخوازانەوە؟**

ئەگەرچی ئەنجامدانی توندوتیژییەکان قەدەغەیە لە ناوەندەکان و فێرخواز دەتوانێت سکاڵا بکات، بەڵام سکاڵا ناکەن.

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری بەشێک لە فێرخوازان هۆشیارییان نیە لە بارەی ئەو مافەیانەوە و بەشێکیشیان ترسی ئەوەیان هەیە رق بخرێتە سەریان.

چنار مەجید، مامۆستا لە ئامادەیی (گەرمەسێر) لە قەزای کەلار دەڵێت: "لە ناوەندەکانی خوێندن وەک پێویست گوێ لە فێرخواز ناگیرێت لە بونی هەر گرفتێک، هەرچەندە فێرخوازیش بێتاوان نیە".

هەندێک لە فێرخوازان بێدەنگ نەبون لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە بەرامبەریان کراوە و مامۆستا سزا دراوە.

یونس هیدایەت قاسم، بەڕێوبەری ئامادەیی (کفری) باس لەوەدەکات: "لەسەر ئەو توندوتیژیانەی کراوە سکاڵامان هەبوە و لێپێچینەوەمان کردوە لەگەڵ مامۆستا و وانەی پۆلمان لێوەرگرتوەتەوە و بە پێی رێنماییەکانی وەزارەت مامەڵەمان لەگەڵ کردوە".

تۆمارنەکردنی سکاڵا لە لایەن فێرخوازانەوە بۆ ئەوە دەگەرێتەوە هۆشیارنین لەوە کاتێک توندوتیژیان بەرامبەر دەکرێت سکاڵا بکەن.

سالار فازڵ، مامۆستا لە قوتابخانەی (ژین)ی بنەڕەتی لە قەزای کەلار وتی: "ئەو توندوتیژیانەی کە دەکرێت بەرامبەر بە فێرخواز بەتایبەت منداڵ نازانێت داوای هەقی خۆی بکات، ئەمەش ئەبێت توێژەرەکان رۆڵیان هەبێت لە ئاشناکردنی فێرخواز بەوەی کە دەتوانێت داوای مافی خۆی بکات، بەڵام شتی وا نیە".

ئارام رۆستەم، هەمان رای هاوتاکەی هەیە و دەڵێت: "فێرخوازان تاوەکو ئێستا ئاستی هۆشیارییان نیە بەوەی کە داوای مافی خۆیان بکەن یان سکاڵابکەن".

لە هەندێ ناوەند ئەگەرچی تۆماری سکاڵای فێرخواز بونی هەیە، بەڵام تا ئێستا فێرخواز سکاڵای نەکردوە.

روخۆش رەئوف رەزا، بەڕێوبەری ئامادەیی (شێروانەی کچان) ئەوە دەخاتەرو: تۆماری سکاڵای فێرخوازانمان هەیە، بەڵام تاوەکو ئێستا کەس سکاڵای نەکردوە".

**٩. توێژەران: توندوتیژی لە ناوەندەکان بونی هەیە**

بەشێک لە توێژەران هاوڕان لەسەر ئەوەی کە توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بونی هەیە، بەڵام دەرونیە نەک جەستەیی.

رۆژە فەقێ سلێمان، توێژەری دەرونی لە قوتابخانەی (مەریوانی)ی بنەڕەتی لە ناحیەی رزگاری، دەڵێت: "لە ناوەندەکان توندوتیژی هەیە زیاتریش دەرونیەکە هەیە وەک لە جەستەیەکە، بەڵام لە چاو ساڵانی رابردو باشترە، کێشە هەبوە هاتوەتە لام و چارەسەرمان کردوە".

توێژەرێکی دیکە پێی وایە ژینگەی ناوەندە ئامادەییەکان جیاوازە وەک لە بنەڕەتیەکان، توندو تیژی جەستەی نیە ئەوەی هەیە دەرونیە.

ئەردەڵان عەزیز عەبدوڵڵا، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (فیدراڵ) لە قەزای کفری دەشڵێت: توندوتیژییەکان حاڵەتە و نەبوەتە دیاردە، ئەوەی هەبوە توانج و شکاندنەوە بوە و بە ناڕاستەوخۆی بوە.

"گرفتی دروست بونی دیاردەی توندوتیژی لە ناوەندەکان نەگەشتوە بەو ئاستە تا کاری لەسەر بکەین، توندوتیژیەکان جەستەی و دەرونی نەبوە لەلای ئێمە و فێرخواز بێت و سکاڵا بکات". حەیدەر عەلی خان، توێژەری کۆمەڵایەتی لە ئامادەیی (سەردەم) لە قەزای کەلار وادەڵێت.

سەرپەرشتیاری توێژەران باس لەوەدەکات ئەگەرچی ئامارێکی دروست نیە لە بەردەستدا سەبارەت بە توندوتیژییەکان، بەڵام بونی هەیە و دەرونی زیاترە وەک لە جەستەیی.

عەباس مەحمود محەمەد، سەرپەرشتیاری یەکەی توێژەران لە پەروەردەی گەرمیان دەڵێت: "بابەتی توندوتیژی لە ناوەندەکان بابەتێکی رۆژانەیە و بەریەک کەوتنمان لەگەڵیدا هەیە و تا ئاستێکی بەرز هەستی پێدەکرێت".

وتیشی: توندوتیژییە دەرونیەکان زیاترە و بەربڵاو ترە وەک لەجەستەییەکان، هەروەها رێژەیەکی زۆر لە توندوتیژییەکان هاتوەتە لای توێژەران و کاریشی لەسەر کراوە، لە بری سزادانی مامۆستایانیش رێگای ئامۆژگاری و پەروەردەییانەمان بەکار هێناوە، بۆیە بروامان بە سزادانی مامۆستایان نیە مەگەر حاڵەتێکی زۆر توند نەبێت.

## ١٠. رای نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان لەبارەی حاڵەتەکانی توندوتیژیی بەرامبەر فێرخواز

توندو تیژی لە ناوەندەکانی خوێندن بونی هەیە و سکاڵاش هەیە، بەڵام پێش ئەوەی لە رێگەی یاساوە چارەسەر بکرێت بە عەشایەری چارەسەری کێشەکە دەکرێت و کەیسەکان ناگات بە ئەنجام لە روی یاساییەوە، ئەمەش بە وتەی بەرێوبەری مافی مرۆڤی گەرمیان.

خەبات رەشید، بەڕێوبەری نوسینگەی مافی مرۆڤی گەرمیان سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵا لەلایەن فێرخوازانەوە لە ناوەندەکانی خوێندن وتی: "سکاڵای فێرخوازان هەیە و بە دواداچونیشمان بۆ کردوە، بەڵام پێش ئەوەی دۆسیەکەی بکەینەوە و نوسراو ئاراستەی داواکاری گشتی دەکەین بۆ لێپێچینەوە، کەچی بە عەشایەری بابەتەکە چارەسەر دەکرێت و دواتر خێزانەکان داوای کشانەوەی سکاڵاکانیان دەکەن، کەیسەکان ناگات بە ئەنجام لە روی یاساییەوە".

دەشڵێت: چەندین جۆر توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز بەکارهێنراوە، چ لە لابردنی جلّ لەقژی کور و لابردنی لەچک و قژ بڕین وە شکاندنەوە و توندوتیژیە دەرونیەکانی تریش.

باس لەوەشدەکات: توندو تیژی جەستەی هەبوە و لێدان بە دەموچاوی مناڵەوە دیاربوە کەچی حاشای لێکراوە، تەنات ئەمساڵیش سکاڵامان هەبوە.

سەلاح محەمەد، لێپرسراوی نوسینگەی مافی مرۆڤ لە کفری، باس لەوەدەکات: "بێگومان توندوتیژی هەبوە لە ناوەندەکان جەستەی بێت یان دەرونی، سکاڵاش هەبوە چ لە بەدواداچونەکانی خۆمان بێت یان لە سەردانکردنی خێزانەکان بێت کە هاتونە لامان یان لە لایەن خودی مامۆستایانەوە ئاگادار کراوینەتەوە، کە توندوتیژی هەیە بەتایبەت دەرونی".

وتیشی: راپۆرتمان ئاراستەی پەروەردەی کفری  کردوە و هاوکارمان بون بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان، ئەگەر چی رەنگە هەندێک لە بابەتەکان بە عەشایەری چارەسەر کرابێت و ئێمە ئاگامان لێی نەبوبێت.

## ١١. "فێرخوازان بەهۆی توندوتیژییەوە لە ناوەندەکان توشی حاڵەتی دەرونی بون"

بەپێی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان ئەگەرچی ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نیە، بەڵام توندوتیژی هەبوە بەرامبەر بە فێرخواز کراوە لە ناوەندەکانی خوێندن و توشی حاڵەی دەرونی بون ئەمساڵ و ساڵانی رابردوش تۆمار کراوە لە سەنتەری دەرونی کەلار.

فەریدون ئیسماعیل قادر، بەڕێوبەری سەنتەری راهێنانی دەرونی لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار دەڵێت: "کەیسمان هەیە توندوتیژی بەرامبەر بە فێرخواز کراوە لە ناوەندەکانی خوێندن بینیومانە و قسەی بۆ کردوین خێزانەکەی هێناویەتی و چارەسەری وەرگرتوە لێرە بۆ چەند جارێک.

وتیشی: بەتایبەت ئەمساڵ کەیسێکمان هەیە و ناردومانەتە سلێمانی لیژنە ببینێ و یەک لای بکاتەوە کە توشی دەرونی بوە یاخود نا، چونکە توشی حاڵەتێک بوە.

باسی لەوەشکرد: ئامارمان جیانەکردوەتەوە تایبەت بە فێرخوازن کە چەندە، بەڵام بونی هەیە و هاتوەتە لامان.

## ١٢. بەرپرسانی پەروەردە: مامۆستا سزا دراوە لەسەر توندوتیژی دژ بە فێرخواز

لە کۆی بەدواداچونەکانی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیاندا ئەوە دەردەکەوێت کە توندوتیژی لە ناوەندەکانی خوێندنی سنوری گەرمیاندا هەیە، بەرپرسانی پەروەردەش جەخت لە سزادانی ئەو مامۆستایانە دەکەنەوە کە توندوتیژی ئەنجامدەدەن.

عەدالەت لەتیف عبید، بەڕێوبەری پەروەردەی کەلار، لەبارەی ئەو سکاڵانەی کە هاتوەتە لایان لەسەر توندوتیژی دژ بە فێرخواز لە ناوەندەکان دەڵێت: "ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناوەندەکانی خوێندن بەرامبەر ئەو فێرخوازانە هەیە حاڵەتە و نەبوە بە دیاردە، ئەوەشی هەیە زیاتر دەرونیەکەیە واتە (زارەکیە) وەک لە جەستەییەکە".

وتیشی: سکاڵامان بۆ هاتوە لە لایەن خێزانی فێرخواز و نوسینگەی مافی مرۆڤەوە و تەنانەت فێرخوازانیش، بەدواداچونمان بۆ کردوە بە لیژنە و مامۆستاش هەبوە سزای وەرگرتوە لەسەر ئەوە و بە پێی ئەو توندوتیژییەی کە کردویەتی سزاکەی بۆ دیاری کراوە.

بە هەمان شێوە، ئیسماعیل سەمین، بەڕێوبەری پەروەردەی کفری باس لەوەدەکات: "توندوتیژی هەیە لە ناوەندەکان، بەڵام حاڵەتە و نەبوە بە دیاردە".

رونیدەکاتەوە: ئەوەی هەبوە مامۆستا سزای وەرگرتوە لەسەری و هەبوە لەو ناوەندە گوازراوەتەوە و هەشبوە ناونیشانی وەزیفی گۆڕدراوە، ئەمەش بە پێی ئەو سکاڵانەی کە هاتوەتە لامان بەدواداچونمان بۆ کردوە.

بەڕێوبەری گشتی پەروەردەی گەرمیان بونی توندوتیژی لە ناوەندەکان پشت راست دەکاتەوە و دەڵێت سەرباری ئەوەی کە مامۆستایان سزا ئەدرێن کەچی حاڵەتەکان هەر بونی هەیە.

دارا ئەحمەد سەمین، بەڕێوبەری گشتی پەروەردی گەرمیان لەبارەی ئەو سزایانەی کە بۆ مامۆستایان هەیە لەبەرامبەر ئەو توندوتیژیانەی کە لە ناوەندەکان دژ بە فێرخواز ئەنجامی دەدەن وتی: "ئێمە کار لەسەر دو رێگە دەکەین یەکەم لە رێگەی کۆڕو سیمینارەکانەوە مامۆستایانمان ئاگادار کردوەتەوە کە توندوتیژی نابێت بکرێت، دوەم رێگەی سزامان بەکار هێناوە کە چەندین جۆر سزامان هەیە چ لە ئینزارەوە هەتا گۆڕنی وەزیفە، مامۆستا هەبوە سزا دراوە چ بە ئینزار بێت چ بە گواستنەوەی بێت بۆ شوێنێکی دورە دەست، ئەگەرچی هەر بنەبڕنەبوە".

وتیشی: هەر لەم ماوەی کۆتای دەوامە و تەنانەت هەفتەی پێشو مامۆستا سزا دراوە، چ لە پەروەردەی کەلار چ لە خانەقین لەسەر توندوتیژی، بۆیە هەر سکاڵایەک بێتە لامان بەدواداچونی بۆ ئەکەین.

## بەشی سێیەم: دەرەنجام و راسپاردە

١. ئەگەرچی توندوتیژی بە یاسا قەدەغەکراوە، بەڵام هێشتا هەر بەرامبەر بە فێرخواز پەیڕەو دەکرێت، ئەگەرچی حاڵەتەکانی توندوتیژی جەستەیی کەم و سنوردارە، بەڵام توندوتیژی دەرونی جێگەی گرتوەتەوە، بەتایبەتی توندوتیژی گوفتاری، لە وێنەی وتنی قسە و جنێوی نەشیاو بە فێرخوازان.

٢. هەستناکەین بەڕێوبەرایەتیەکانی پەروەردە ئەم بوارەیان زۆر بەهەند وەرگرتبێت، بەڵگەش بۆ ئەمە نەکردنەوەی بەردەوامی خولی راهێنانی مامۆستایانە، دانەنانی رێکاری رون و راشکاوە بۆ بەرەنگاربونەوەی توندوتیژی و نەبونی ئالیەتی گونجاوە بۆ چارەسەری ئەم حاڵەتانە.

٣. ئەگەرچی پەروەردە جەخت لە قەدەغەکردنی توندوتیژی دەکاتەوە، بەڵام هیچ ئالیەتێکی رونی نیە کە کاری لەسەر بکات بۆ روبەڕوبونەوەی، هەربۆیە زۆربەی کەیسەکانی توندوتیژی دەشاردرێنەوە یان ناگەن بە دەرەنجام.

٤. پەروەردە کەمتەرخەمە لەوەی ساڵانە خولی راهێنانی پێویست لەمبارەیەوە ناکاتەوە، مامۆستایان بەوپێیەی راهاتون کە بە ترس و توندوتیژی فێرخواز ناچار بە گوێبیستن بکەن، پێویستیان بەوەیە ئالیەتی تازە و بژاردەی پەروەردەیی نوێیان بۆ رون بکرێتەوە و بخرێتە بەردەستیان بۆ ئەوەی لە مامەڵەیان لەگەڵ فێرخوازان پشتی پێببەستن.

٥. زۆرجار بێدەنگی لە حاڵەتەکانی توندوتیژی دژ بە فێرخوازان دەکرێت، ئەم بێدەنگیی کردنە بە زۆری مەبەست لێی پاراستنی ناوبانگی مامۆستاکە و ناوەندی خوێندنەکەیە، ئەمەش کارێکە دژە بە بنەما پەروەردەییەکان و مافەکانی مرۆڤ، پێویستە پەروەردە ئیدارەی ناوەندەکانی خوێندن بە رونی لەوە ئاگادار بکەنەوە کە توندتر لەگەڵ دۆسیەکانی توندوتیژی دژ بە فێرخوازان بکۆڵنەوە.

٦. پێویستە پەروەردە ئالیەتێک دیاریی بکات بەوەی کە فێرخواز توندوتیژی بەرامبەر کرا چی بکات؟ چونکە هیچ ئالیەتێک بونی نیە، بیرکردنەوە لەدانانی سندوقی سکاڵا یان هێڵی تەلەفۆنی گەرم کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوبەرایەتیەکانی پەروەردەوە هەبێت، لەو هەنگاوانەن کە دەکرێت بنرێن.

٧. زۆرجار لەکاتی روданی توندوتیژیەکان، لەبری رێکاری ئسوڵی و یاسایی و کارگێڕیی، پەنا بۆ رێکاری عەشایەریی دەبرێت، ئەمەش پێمانوایە بەلاڕێدابردنی کەیسەکانە.

٨. رۆڵی توێژەرانی پەروەردە لەم بوارەدا وەک زۆر بواری دیکە، نارونە، دەکرێت توێژەران رۆڵیان هەبێت لە روی هۆشیاریەوە، بە کردنەوەی خولی راهێنان بۆ مامۆستایان بەوەی چۆن دور بکەونەوە لە توندوتیژی و چۆن رێگای

بەدیل بۆ مامەڵە لەگەڵ فێرخوازان بگرنە بەر؟ هەروەها بۆ فێرخوازانیش کە لەکاتی توندوتیژی دا چی بکەن و چ رێگایەکی کارگێڕیی یان یاسایی بگرنەبەر؟

هەروەها دەکرێت توێژەران رۆڵی چاودێرییکردنی توندوتیژییەکان بگێڕن و مانگانە راپۆرت لەوبارەوە ئامادە بکەن و بۆ بەڕێوبەرایەتیەکانی پەروەردەی بەرز بکەنەوە.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

١. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە

٢. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە

٣. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

٠٧٤٨٠٢٠٧٤٠٠ - ٠٧٧٠٢٣٠٣٦٧٦

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org